# جەنابی جانەوەر

## پەردەی یەکەم

**(پـەردە دەرووییـەکی بچـووکی تێـدەخرێ. ئـەودیوی بـەتاریکی دەهێڵرێتـەوە. ئەمـدیوی لەگەڵ دەرکەوتنی هەقایەتخواندا لەدەرووەکەوە، رووناکدەکرێتەوە)**

**هەقایە تخوان:**

**بـەڕێزان.. دیـارە ئێـوە بـەر لەهـەموو شـت دەپرسـن، ئـاخۆ مەبەسـت لـەم رسـتەی جـەنابی جانـەوەرە چییە، کەئێمـە کردوومانەتـە ناونیشـانی شـانۆگەرییەکەمانو، ئێوەمان بۆبینینی بانگکردوە؟!. دیارە دەشپرسن: واجەناب جەنابە، ئەی جانەوەر چییە؟!. یاجانـەوەر جانـەوەرە ئـەی جـەناب چییە؟!. ئێـوە زۆرزۆر هەقتانـە. ئێمـە نکووڵیمان لەوەنییە، کە مرۆڤ ئاسایی یاجەنابدەبێ یاجانەوەر. یاهەندێجار دەشێ ببێتە، ناجەنابی جانەوەر، یاجانەوەری ناجەناب. بەڵام بوونی هەم بەجەنابو هـەم بەجانـەوەر، کـارێکی ئاسـایی نییـە. ئابـەڵێ.. ئاسـایی نییـەو ئێمـەش وادەڵـێین. کەچی روویداوە.. بەداخەوە روویداوەو، ئەوەتا هەقایەتەکەیتان بۆدەگێڕینەوە.**

**بـەڕێزان.. ئـەو جەنابـە جانـەوەرە بەسەروسـەکوتو، بەلەشـولارو، بەسـەراپای ئەنـدامانی جەسـتە، واتـە بـەقاوغ، هـیچ جیاوازییـەکی لەگـەڵ ئۆمـەتی محەمـەد و غەریری محەمـەدا نییـە. بۆسـەلماندنی ئـەم قسـەیەش، فـەرموون خۆتـان لـە نـووکی پێیەوە تا تەوقیسەری، سەرنجیبدەنێو لێیوردببنەوە.. ها فەرموون..**

**جەنابی جانەوەر:**

(دێتە تەنیشت هەقایەتخوانەوەو رادەوەستێ).

**هەقایە تخوان:**

(جەنابی جانەوەر دەسووڕێنێو پیشانی دانیشتووانیدەدا)

فەرموون.. جانەوەرییەکەی کامەیە؟!. بەسزمانە نەشاخی هەیە، نەکەڵبەو شفرە، نەچنگونینۆکی چەقۆئاسا، نەدەموقەپۆزێکی سامناکو، نەسەرو هەیکەلێکی تۆقێنەر. دواجار نەچاوانیشی کڵپەی ئاگریان لێدەردەپەڕێ.

(بەدەمییەوە دەست لەو ئەندامانەی لەشیدەکوتێ)

فەرموون.. باش تێبڕوانن.. من هەرلەخۆتان دەپرسم: کامەیە نیشانەی جانەوەرییەکەی؟!. وادیارە درۆیەو ئەسڵی نییە. نەجەنابەو نەجانەوەر. بەڵکو مرۆیەکی زۆر ئاساییە.

(رووی قسە لەجەنابی جانەوەردەکا)

وانییە مامۆستا؟!.

**جەنابی جانەوەر:**

(شتێك بەگوێی هەقایەتخواندا دەچرپێنێ).

**هەقایە تخوان:**

ببوورە.. ببوورە مامۆستا.

(بۆدانیشتووان)

راستدەکا.. هەقی خۆیەتی.. دەڵێ جانەوەرنیم. بەڵام جەنابم.

(بۆجەنابی جانەوەر)

ئۆکەی.. دەفەرموو خواحافیزتبێ جەنابی مامۆستا.

جەنابی جانەوەر:

(دەچێتەوە پشت پەردە).

**هەقایە تخوان:**

بەڕێزان.. جەنابی جانەوەر بەقاوغ وەهایە. مرۆڤێکی ئاساییە وەك هەر یەکێك لەئێمە. بەڵام وەکیتر، ئەگەر بەوشێوەیەی کەلەفلیمی کارتۆندا روودەدا، چنگ بەگەروویدا

شۆڕبکەینەوەو، ناوەوەی بۆدەرەوەو، دەرەوەی بۆناوەوە هەڵەوداگێڕبکەین، ئەو جەنابی جانەوەر بەبارە راستودروستەکەی خۆیدا دەبینن.. فەرموون بڕوانن..

**جەنابی جانەوەر:**

(لەشێوەی جانەوەرێکدا، دێتەوەو لەتەنیشت هەقایەتخوانەوە رادەوەستێ).

**هەقایەتخوان:**

(بێئەوەی ئاوڕی بەلای جەنابی جانەوەردا دابێتەوە).

فەرموون.. ئایا ئەمە تەنیا جەنابە.. یا..

(ئاوڕی بەلادادەداتەوە. دەتۆقێو هەڵدێ).

**جەنابی جانەوەر:**

(جۆرە مرقەمرقو بزاوتێکی دڕندانەدەکاو، دەکشێتەوە پشت پەردە).

**هەقایەتخوان:**

(دێتەوە بەرڕووناکیو بەپێکەنینەوە)

ماڵت بەقوڕگیرێ دەرهێنەر. کوڕە تۆش ئارایشتکار. خۆ وامانزانیووت. خەجاڵەتتانکردم.

(بۆدانیشتووان)

بەهەرحاڵ بەڕێزان.. شانۆگەرییەکەمان باسی لەمرۆڤێکە، کەبەقاوغ دروست وەك ئێمەیە. بەڵام بەناواخن جیاوازییەکە نێوانی ئاسمانو رێسمانە. ئینجا من کەگێڕانەوەی هەقایەتەکەم، بەمەبەستی لەڕووخستنی ئەو جیاوازییە پێسپێردراوە، بەپێویستی دەزانم بەمشێوەیە بۆتانی بگێڕمەوە: یەکەم: ئەوەی بەتەمسیلبکرێ، بەتەمیسل نیشانتانیدەدەم. ئەوەشی وەها نەلوێ، بەقسە بۆتانی باسدەکەم. سائێستا پێشەکی پێتانیڕادەگەیەنم، کەجەنابی جانەوەر بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای دروستکردنی زەڕەبینەو، بۆماوەی تەنیا شەش سەعات، واتە دەوامی رەسمیی تەنیا یەك تاکە رۆژ، فەرمانڕەوایی کۆمپانیاکەدەکا. بۆیە منیش لەلای خۆمەوە، سەعاتبەسەعات کاروکردەوەکانی ئەو جەنابی جانەوەرەتان بۆدەگێڕمەوەو، ئێستاش فەرموون لەگەڵ سەعاتی یەکەمدا، کەبەتەمسیل نیشانتانیدەدەم.

(هەقایەتخوان دەچێتە دەرەوە، پەردە لادەدرێو سەرشانۆ رووناکدەکرێتەوە. شوێن: ژووری بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیایە. کەلوپەل تیایدا بەشێوەیەکی

نائاسـایی دانـراون.. نائاسـاییەك كەلەگـەڵ جـۆری جانەوەرێتییەكەیـدا بگونجـێ.
بەڕێوەبـەری گشـتی لەناوەڕاسـتی ژوورەكەدایـە، بەڕەزامەندییـەوە بەكەلوپەلەكانـدا هەڵدەڕوانێو، لەبەرخۆوە دەدوێ)
ئێسـتا كۆكـە.. ئـا.. مێشـكەكە ئیشـدەكا. خۆگاڵتـە نییـە. مێشـكێكی بلیمەتـە. بۆهەرباسێكو، دەمودەست نەخشـەی خـۆی پێیـە. قـەت دانـەماوەو، قـەتیش داناميێنـێ. ئەی چۆن!. گوایە بیەڵم كار هەرلەسەر ئـەو ئاژەوەو بەرەڵڵاییـە بـەردەوامبێ؟!. نـەخێر.. چـۆن مـاوەدەدەم. چـاویاندەردێنم. گوێیانـدەبڕم. زمانیـان لـەكونی لووتیانـەوە دەردەكێشـم. ئـەی چـۆن!. خـۆ نـەهاتووم دانیشـم دۆمینـەو ئـەزنیفیان لەگەڵدابكـەم. نانـەخێر.. هـاتووم دۆزەخیـان پێنیشـانبدەم. ئـا بـەڵێ.. هـەتا نەیانكەمـەوە بـەئادەمی وازیانلێناهێنم.
(كەمێ بێدەنگیو، لەناكاو دەداتە قاقای پێكەنین)
ئافـەرم.. ئافـەرم مێشـكە بلیمەتەكـە. هـیچ گرفتێكـت لێگیرنابـێ. بـۆ هەریەكـەیانو دەمودەست چارەسەر.. نەخشەی پڕبەپێستی خۆی.
(لەپێكەنیندەكەوێ. دەچێتە پشت مێزەكەوەو دادەنیشێ. لە زەنگدەداو خۆی بەنووسینەوە خەریكدەكا).
**بەردەست:**
(دێتە ژوورەوە)
بەڵێ..
**بەڕێوەبەری گشتی:**
(خەریكی نووسینە)
**بەردەست:**
بەڵێ قوربان.
**بەڕێوەبەری گشتی:**
(سەربەرزدەكاتەوە)
بۆچی هاتوویتە ژوورەوە؟!.
**بەردەست:**
قوربان زەنگتلێدا.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

من؟!.. زەنگ؟!.. زەنگی چی؟!. شێتبوویت؟!.

**بەردەست:**

قوربان..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بڕۆدەرەوە.. وەلبە.

**بەردەست:**

(دەچێتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ئم.. ئەی چۆن!.. ئەئاوا!.

(پەنجە بەدوگمەیەکی سایکرۆفۆنەکەی تەنیشتیدادەنێ)

ئە.. ئوو.. ئا..

(خۆی بەنووسینەوە خەریکدەکا)

**سکرتێر:**

(دێتە ژوورەوە)

بەڵێ..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(وەڵام نییە)

**سکرتێر:**

بەڵێ مامۆستا.

**بەڕێوەبەری گشتی:** (سەر بەرزدەکاتەوە)

چیتدەوێ؟!.

**سکرتێر:**

داواتکردم.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

من؟!.. تۆ بەهەڵەچوویت!.

**سکرتێر:**

بمبەخشە. (دەکشێتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

گوێبگرە.

**سکرتێر:**

بەڵێ مامۆستا.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

نامەوێ جارێکیتر ئەمەت لێدووبارەببێتەوە. وتیان تۆ سکرتێرێکی شارەزاو لێهاتوویت. بەڵام کوا؟!.

**سکرتێر:**

ئاخر..

بەڕێوەبەری گشتی: وتم نامەوێ ئەمەت لێدووبارەببێتەوە. گوێت لێمنەبوو؟!.

**سکرتێر:**

بابەڵێ.. بەڵێ مامۆستا. (دەچێتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(لەبەرخۆوە)

ئافەرم.. لێتناترسم.. دەیانکەیت بەئادەمی. دڵنیام کەدەیانکەیت.

(دەدا لەقاقای پێکەنین. بەدەمییەوە لەزەنگدەدا).

**بەردەست:**

(دێتە ژوورەوە).. بەڵێ قوربان..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

هەمدیس؟!.. بڕۆدەرەوە.

(لەسایکرۆفۆنەکەوە بۆسکرتێر).. وەرە.

**سکرتێر:**

(دێت).. بەڵێ.

بەڕێوەبەری گشتی: ئەو چوارپێیە تێبگەیەنە کەوەختێ لەزەنگدەدەم، وەك ڕەشەبا خۆی بەژووردانەکا. تێیبگەیەنە کەیەکەمجار دەبێ بێت بۆلای تۆ. تۆش ئاگارمبکەیت کەئامادەیە بێتە ژوورەوە. ئەوسا ئەگەر وتم: بابێت ئینجا دێت. تێگەیشتیت؟!.

**سکرتێر:**

(دەحەپەسێ).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بۆچی حەپەساویت؟!. تێگەیشتیت چیمووت؟!.

**سکرتێر:**

بابەڵێ مامۆستا.. بەڵێ تێگەیشتم. (دەچێتە دەرەوە)

**بەڕێوەبەری گشتی:** (لەبەرخۆوە)

وادەزانن گاڵتەی منداڵانە. یاڕەنگە وابزانن هاتووم نانوپیازیان لەگەڵدا بخۆم. یاهوو ئەمانە عەجەب وەحشییەکن! ئەمانە قەت ئادەمینین. چوارپێیەکن ئاو لێڵناکەن. ئەقڵیان بەهیچ ناشکێ.. هەرهیچ. ناهەقیشیان نییە. بەرەڵابوون. بێشوانبوون. کەسنەبووە فێری وێلوئوسوولو نیزامیانبکا. بۆیە ئەم وەحشییانەیان لێدەرچووە. بەڵام بۆمڕاوەستن.. دەبینن چۆنیان تەمێدەکەم.

(رادەپەڕێتە سەرپێ. شتێك لەسەر پارچە کاغەزێك دەنووسێ. لەزەنگدەدا. بەردەست نایەتبەدەنگەوە. لەسایکرۆفۆنەکەوە)

کوا ئەو گوێرەکەیە؟!.. زەنگملێدا.

**بەردەست:**

(بەپرتاو خۆی بەژووردادەکا).

بەڵێ قوربان.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(بەتووڕەییەوە)

ئەوە چیتە؟!.. راونراویت؟!.

**بەردەست:**

قوربان..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

هش.. بگرە.. (کاغەزەکەی دەداتێ).

**بەردەست:**

(وەریدەگرێو چاوەڕێدەکا)

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بۆچەقیویت؟!.

**بەردەست:**

قوربان..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

وەلبە.

**بەردەست:**

قوربان بۆکێ؟!.

بەڕێوەبەری گشتی (دەنەڕێنێ) بۆسکرتێر.

**بەردەست:**

رادەکاتە دەرەوە.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(سووڕێك بەناو ژوورەکەدا دەخوا. لەپڕ بەهەڵەداوان دەچێتەوە پشت مێزەکەو لەسایکرۆفۆنەکەوە)

کوان؟!..

(سووڕێکیترو شاڵاوێکیترو لەسایکرۆفۆنەکەوە دەشیڕێنێ) کوان؟!.. بۆ نەهاتن؟!.

**سکرتێر:**

(دێتە ژوورەوە)

مامۆستا ببوورە.. حازرن.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

باشە باکەمێ چاوەڕێبکەن.

**سكرتێر:**

(دەچێتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(دەڕوانێتە سەعاتەکەی دەستی. واینیشاندەدا کە کاتیان بۆڕادەگرێ. بەدەمییەوە) خۆ هەوانتە نییە. بەڕێوەبەرن نین چاویاندەردەهات. هیچیان لەوانیتر نەگەڕاوەتەوە. بگرە دڵنیام کەلەکارمەندە گەجەروگوجەرەکان وەحشیترن. بۆیە دەبێ یەکەمجار ئەمانبکەمەوە بەئادەمی. دەبێ بەمان دەستپێبکەم. خۆ چاکتروایە سەرەتا خاوەن دکتۆراکە لەمەنگەنەبدەم. دکتۆرا؟!. ترحێو!. من ئەم قۆڵەم لەبندادەبڕم، ئەگەر ئەو تەنانەت لەپسپۆڕییەکەی خۆشیدا، بەسەدیەکی منی لێبزانێ. جا بۆ دووربڕۆین. ئەوەئەرزو ئەوە گەز.

(دەچێتە پشت مێزەکەو لەسایکرۆفۆنەکەوە)

بابەڕێوەبەری تەکنیکیبێت.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:** (دێتە ژوورەوە)

ڕۆژباش.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(خۆی خەریکی نووسینکردوە. بێوەڵامدانەوەو سەرهەڵبڕین، دەست بۆکورسییەکی تەریکی دوور درێژدەکا).

بەڕێوەبەری تەکنیکی: (بۆکورسییەکە دەڕوانێ کەبەشێوەیەکی نابەجێ دانراوەو سەرسامدەبێ).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(سەر هەڵدەبڕێ. ئیشارەتەکەی دووپاتدەکاتەوە) دانیشە.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(دەچێ دادەنیشێ. سەغڵەتە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

گوێبگرە دوکتۆر... بالەڕووبدوێین. تۆ حەزدەکەیت لەڕووبدوێین؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

بەڵێ.. بێگومان.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

چاکە.. بەرلەهەمووشت تۆ پێویستە ئەوە بزانیت، کە من پیاوێکم بەمێشك ئیشدەکەم. راستە من بەپێی باوەڕنامە، زانیاریی وردم لە زەڕەبین و زەڕەبینکاریدا نییە. بەڵام مێشکێك کەبلیمەتبوو، دەتوانێ سەر لەهەموو شتێکدەربکا.. لەهەموو شتێك.. وایە یان نا؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(دوای کەمێ رامان، بەدەنگی نزم)

بەڵێ..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ها؟!.. گوێم لێت نییە.. دەنگ هەڵبڕە.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(بەدەنگێکی کەمێ بەرزتر)

بەڵێ وایە.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ئینجا باپێتبڵێم: مەسەلەی زەڕەبین و زەڕەبینکاری، مەسەلەیەکی ئاسان نییە. هەموو کەس ناتوانێ خۆی لەقەرەیبدا. مێشکێکی بلیمەتی پێدەوێ، کەلەکەللەی سەری بلیمەتێکدابێ. سا بەم بۆنەیەوە ناچارم پێشەکی ئەوەم لەلا روونبێتەوە، کەئایا کەللەی سەری جەنابت مێشکی تێدایە؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(تەنگەتاودەبێ و، وەڵامی بۆنادرێتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بۆچی وەڵامنادەیتەوە؟!. من پرسیارتلێدەکەم.. کەللەی سەرت مێشکی تێدایە؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(بەناچارییەوە) بەڵێ.. با.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ئەی بۆچی لەکارەکەتدا بێمێشکیت؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

بەڵام من..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بەس.. من قسە لەقسەمداناکرێ. ئەمەش هەرنیشانەی بێمێشکیتە، دەنا زوو دەتزانی کەمن لەوبابەتە کەسانەنیم، کەبتوانرێ قسە لەقسەمدابکرێ. بەڵام بڵێمچی؟!. تۆ وابیت کەوتیان گوایە شایەکەیانیت، ئەی ئاخۆ ئەوانیتر چۆنن؟!. وەڵا ئیشمان باشەو تەواومانکرد!. دەیباشە.. تۆ هیچ لەجوگرافیا دەزانیت؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(هەوڵی وەڵامدانەوەدەداو ناتوانێ).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(بەردەوامدەبێ)

تۆ گوێبگرە.. من راموایەو رایەکەشم تەواو راستودروستە، کەئەوەی شارەزایی لەجوگرافیادانەبێ، هیچ لە.. ئا.. هیچ لە.. بۆنموونە دکتۆراکەی خۆت.. ئێ.. یەعنی هیچ لەو باسەو لەزەڕەبینیش نازانێ. واتە ناشتوانێ ببێتە بەڕێوەبەری تەکنیکی. وانییە؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(وەڵامناداتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

تۆ بڵێ چۆن؟!. چونکە من وادەڵێم. شتێکیش کەمن بیڵێم، قابیلی هەڵە نییەو بێچەندوچۆن دروستە. تۆو بگرە ئێوە هەمووتان، دەبێ ئەمەتان باش لەمێشک بچەسپێ. ئەمە دەستوورە. تێدەگەیت؟!.

(دەسدەداتە ئەتڵەسێك کەلەسەر مێزەکەی دایناوە. بەرگەکەی دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆپۆلی پێنجەمی سەرەتایی

(دەیداتەدەست بەڕێوەبەری تەکنیکی)

سەعییەکی باشی تێدابکە. تاقیکردنەوەی لەدوایە.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(بەحەپەساوییەوە وەریدەگرێ).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(لەسایکرۆفۆنەکەوە بۆسکرتێر)

با ئەوانیش بێن.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و ئیدارە:**

(دێنە ژوورەوە. بەڕێزەوە سڵاودەکەن و، دەستی تەوقەکردن درێژدەکەن و، تەوقە نییە. بەشێوەی بەڕێوەبەری تەکنیکی کرداریان لەگەڵدادەکرێ. لەسەر قەنەفەیەکی نائاسایی دانراو دادەنیشێنرێنن. بەسەرسامییەوە دەڕواننە یەکتر).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(دەچێتەوە جێی خۆی. دوای ماوەیەك خامۆشی، بەسەروزمانێکی شیرینەوە)

ئەیٚ برایان.. ئابراکانم بمبەخشن. نازانم چۆن دەستپێبکەم.. ئێوە خۆتان دەزانن کەمن.. (لەقسەکردن دەوەستێ و لەسایکرۆفۆنەکەوە) ئادەی باوکەکەم.. بەو کوڕە باشە بڵێ چاو قاوەمان بۆبێنێ. بڵێ ئاویش.. ئا ئاویش.

(پشت مێز جێدێڵێ و، بەبەردەمیاندا دێ و دەچێ)

کاکینە بمبەخشن.. ئێوە خۆتان دەزانن کەمن بابایەکم بەدرێژایی ژیانم لە خزمەتی کۆمەڵدابووم. هەمیشە مۆمێکبووم خۆم بۆبەرژەوەندیی گشتی سووتاندوە. قەت دڵی مێشوولەیەکم لەخۆم عاجزنەکردوە. من چاکدەزانم کەهەریەکێ لەئێوە، ئەگەر زیاتری لەباردانەبێ کەمتری نییە. جیاوازی لەنێوانماندا تەنیا هێندەیە، کەسوودی گشتی وای خواستوە، من ببمە سەرۆك بەسەر ئێوەوە، دەنا ئێوە هیچتان لەمن کەمتر نییە. لەبەرئەوە تکاتانلێدەکەم کەبەپێوانەی سەرۆك و ناسەرۆك مامەڵەم لەگەڵدامەکەن، بەڵکو من برابچووك و ئێوە براگەورە. من دەزانم ئێوە ئەگەرچی یەکەمجارە چاومان بەچاوی یەکتردەکەوێ و رووبەڕوو قسەملێدەبیسن، بەڵام پێشتر ناوبانگتان بیستووم، کەچجۆرە مرۆڤێك و لەچجۆرە مەعدەنێکم. دڵنیام ئەو قسە بەناوبانگەتان لەبارەمەوە بیستووە، کەبەسەرزاری هەموو خەڵکەکەوەیە. من بەپێویستی نازانم بەدەمی خۆم بیڵێمەوە. جوان نییە پیاو ستایشی خۆیبکا.

برایان.. بادرێژەینەدەمێ. دەزانم ئێوەش باوەڕتان وەك منە، کەکارکردن پیرۆزترین ئـەرکی سەرشـانی مرۆڤـە. دووبارەشـیدەکەمەوە کەبەنـدە بەبرایـەکی بچـووکی خۆتانـدابنێن نـەك بەسـەرۆك. ئـیتر فـەرموون بچـن بەوپـەڕی دڵنیاییـەوە، ئـەرکی پیرۆزی سەرشانی خۆتان بەجێبێنن و زۆر سوپاس.

**هەرسێ بەڕێوەبەر:**

(بەدەم واقوڕمانەوە هەڵدەستن و، بەرەودەرەوە هەنگاو دەنێن)

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ئا.. کاکینە.. بمبەخشن.. باکاکی بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان.. نازانم کامتان ئەوە.. بمێنێتەوە.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

(دەمێنێتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(دەچـــێتەوە قـــاڵبی جانەوەرێتییەکـــەیو بەودەســـتوورە کـــردار لەگـــەڵ ئـــەم بەڕێوەبەرەشدادەکا. ئینجا..)

جەنابت دەرچووی چ کۆلێجێکیت و چ ساڵێك؟!.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

بازرگانیو ئابووری.. ساڵی پەنجاو شەش.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

پەنجاو شەش!.. ئێ.. یانی دەبێ لەکارەکەتدا چقەت دەرکردبێ!. ئەی کوا؟!.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

ماموستا ئەوی..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(قسەی پێدەبڕێ)

تـۆ بەخـەیاڵی خـاوی خـۆت، رەنگـە وابزانیـت کـەمن لێتانبێخەبـەرم.. هـا.. رەنگـە وابزانیت!. بەڵام تۆش و یەکبەیەکی ئەم کۆمپانیایەش دەبێ ئەوە باش بزانن، کەمن لەهـەموو شـتێك ئاگـادارم و، یەکبەیـەکتان چاك دەناسـم کـە چ بوودەڵـەو تـەوەزەلێکن. بایەکەم کەسیش سووکە پەنجەیەك بەچاوی جەنابتابکەم.. جەنابی گوایە بەڕێوەبەری

بەرهەمهێنان. ئایا جەنابت ئاگاداری ئەو ئاژاوەیە هەیت کەلەم دەزگایەدا هەیە؟!. دیارە ئاگاداریت. چونکە یەکەمبەرەڵاو ئاژاوەچی تۆیت. بابیئاخنمە مێشکتەوە کەلەم ساتەوە ئیتر، جێگەی پیاوی بوودەڵەو بەرەڵاو ناشی لەم دەزگایەدا نابێتەوە. من ئەرکێکی مێژوویيم پێسپێردراوەو، هاتووم بەجێیبێنمو، لە پێناویدا بەلامەوە ئاساییە، پشتی ملی جەنابتبگرمو، فرێتبدەمە ئەودیو دەرگای کۆمپانیاوە، جا چ جایە کرێکارو کارمەندەکانیتر دەگا. بگرە (رادەپەڕیتە سەرپێ) تائەودیو دەرگای بەندیخانەش ناتانوەستێنمەوە. ئێوە چین تابتوانن لەڕوومدا بڵێن لەل؟!. من ئەرکێکی مێژوویيم لەئەستۆیە.. ئەرکێکی مێژوویيو بەموو لێیلانادەم.

(بەبەردەمی بەڕێوەبەری بەرهەمهێناندا دکەوێتە هاتوچۆ)

من هاتوومەتە سەر وێرانەیەك. چیبکەم؟!. من دەبێ بەهەزارلادا رابکەم. کەس هیچ نازانێ.. کەس. دەبێ ببم بەبەردەستەکەم، بەسکرتێرەکەم، بە بەڕێوەبەرەکانم، بەکارمەندەکانو کرێکارەکانم. (بەرامبەری رادەوەستێ) تێدەگەیت چیدەڵێم.. ها.. تێدەگەیت؟!.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

(حەپەساوەو وەڵامناداتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

بۆوەڵامنادەیتەوە؟!. پرسیارتلێدەکەم.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

(بەپەشۆکاوییەوە).. بەڵێ.. با..

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(بەتەوسەوە) بەڵێ با.. دەشڵێ بەڵێ با!.

(دەگەڕێتەوە پشت مێزەکەیو دادەنیشێتەوە. لەسایکرۆفۆنەکەوە) لەیلام بۆبانگبکەرەوە.

(بۆ بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان)

دەڵێن خاوەنی هەشت منداڵیت.. وایە؟!.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

بەڵێ.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

هەشت دەمو هەشت پاروو. خۆتو خاتوونیش دوو ئەوە دە. دابینکردنی دە پاروو ئاسان نییە.

**لەیلا:**

(دێتە ژوورەوە)

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(بۆبەڕێوەبەری بەرهەمهێنان)

تۆ فەرمو بڕۆ (دەڕوا). (بۆلەیلا) دانیشە.

**لەیلا:**

(بەبێزارییەوە. دادەنیشێ).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(بەزمانێکی شیرین) ئێ لەیلاخان.. وتتچی؟!.

**لەیلا:**

وتمو دەیلێمەوە نەء.

**بەڕێوەبەری گشتی:**

ئەمە زوڵمە.

**لەیلا:**

(وەڵامناداتەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(رادەپەڕێتە سەرپێ. بەتووڕەییەوە)

ئەمە زوڵمە.. زوڵمێکی گەورە. ئەمە تاوانە.. تاوانێکی بێوێنە. تۆ خۆت بەچیدەزانیت.. ها.. بەچی؟!.

**لەیلا:**

(هەڵدەستێتە سەرپێ) لەیلا.. من خۆم بەلەیلادەزانم. (دەڕواتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری گشتی:**

(دەداتە قاقای پێکەنین)

بەئەقڵی ریزگاوی، وادەزانێ بەڕاستمە. رەنگیشـە ئێستا چاوەڕێبێ، فەرمانی دەرکردنـی بۆدەربچێ. دەی چاکە.. دەی مانای وایە مێشکە بلیمەتەکە بەبڕشتە. والـەولاوە ئەوانمان لغاوکرد. سالەملاشەوە ئێستا لەیلاخان دەچێ بەرەی خۆی زارەترەکدەکا. لەژوورەکەیـدا سـیانیتری لەگەڵداهـەن. هەرکەپێدەنێتـە ژوورەوە، دەیبیـنن ئارەقی شـینومۆری دەرداوە. تەنانـەت ئەگـەر هیچیشـیان بۆباسـنەکا، ئـەوان تێدەگـەن‌و منـیش هێندەمـدەوێ. براقـۆ مێشکە بلیمەتەکە. ئەمەش بۆمێینـەکان. ئەی چۆن!. من ئەو کۆنەپەرستەنیم جیاوازی لـەنێوان نێـرو مێدابکـەم. مـن هـەردوولایان وەکیـەك لغاودەکـەمو دەیانهێنمـە ژێربـار. مـن باوەڕم بەیەکسانی هەیە. من ئەرکێکی مێژوییم لەئەستۆدایەو، بەمێشکێکی بلیمەتانەوە کەوێنەی نەبووەو نابێ بەجێیدێنم‌و تەنیا خۆشم دەزانم چۆنی بەجێدێنم.. تەنیا خۆم.

(بۆساتەوەختێك خامۆشدەبێ. تا لەناکاو شالاودەباتە سەر سایکرۆفۆنەکە)

بەشوفێرەکەم بڵێ ئامادەبێ.

(ماوەیەك شێتانە بەژوورەکەیدا هەڵدەڕوانێ. شێتانە دەڕواتە دەرەوە)

( پەردە دادەدرێتەوە )

# پەردەی دووەم

## دیمەنی یەکەم

(سەر شانۆ رووناکە. شوێن ژووری بەڕێوەبەری تەکنیکییە. بەڕێوەبەر بەخەمبارییەوە لەپشت مێزەکەیەوە دانیشتووە).

**هەقایە تخوان:**

(دێتە پێشدەمی شانۆ)

بەڕێزان.. ئەوەی ئێستا دەیبینن، لەسەعاتی دووەمدا روودەدا. جەنابی جانەوەر ئۆغری فەرمۆتە دەرەوەی دەزگا. لەخۆیو خوای خۆی بەولاوە، کەس نازانێو تەنانەت منیش، بۆکوێچووە. ئەوە حسابێکی وردی خۆیەتیو، کەس هەقی پێزانینی نییە. ئەوەی هەوڵی زانینیبداو تەنانەت منیش، حاڵی پەشێودەبێ. فەرموون رووداوەکانی سەعاتی دووەم ببینن.

(سەرشانۆ جێدێڵێ).

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(زەنگی تەلەفۆن وریایدەکاتەوە)

بەڵێ.. خۆشبیت. نەء.. نەجارێ.. بیخەرە وەختێکیتر. ئێستا ئیشم هەیە. ئائا.. دەزانم برام دەزانم. باشە بەسەرچاو. بەلام بیخەرە وەختێکیتر. ئا بەڵێ.. ئا بەسەرسەر.

(تەلەفۆندادەنێتەوە. ئەتڵەسەکە سەرنجی رادەکێشێ. بەدەستییەوە دەگرێو دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆپۆلی پێنجەمی سەرەتایی.

(فڕێیدەداتەوە سەرمێزەکەو لەبەرخۆوە)

دوکتۆرا لەمیکانیکای بیبیلەی چاودا بەپلەی شەرەف. خەڵاتی جیهانیی (چاوی زێڕین). سکرتێری کۆمەڵەی زەرەبینسازان. هەڵگری مەدالیای (برایل) لەبواری خزمەتکردنی

بێچـاوانداو، چـوارجاریش وەرگرتنـی نامـەی سوپاسوسـتایش، سـەبارەت بەکارامـەییم لەبواری ئیشەکەمداو کەچی...

(ئەتڵەسەکە هەڵدەگرێتەوە. تێیدەڕوانێو خامۆشدەبێ).

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان: (دێتە ژوورەوە).

بۆچی واخامۆشیت؟!. ئەوە چییە بەدەستتەوە؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(ئەتڵەسەکەی دەداتێ).

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

(دەخوێنێتەوە)

ئەتڵەس بۆپۆلی پێنجەمی سەرەتایی.. مەسەلە چییە؟!.

**سەرۆکی بەشی شووشەبڕین:**

(دێتە ژوورەوە)

دوکتـۆر بمبەخشـە.. هاتنەکـەم ناچارییە. کاتـێ تەلەفۆنەکـەم بۆکردیـتو، وتـت ئێسـتا ئیشـم هەیـە، هەسـتم بەنائاسـاییەککردو لەدڵـدا وتم: ڕەنگـە نابەدڵییـەك لەکایەداهەبێ. بۆیە هاتم بزانم کەئایا..

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(قسەی پێدەبڕێ)

نـا.. نـابرام.. نـاهیچ نابەدڵییـەك سـەبارەت بـەتۆ لـەئارادا نییـە. سـەرقاڵییەکەم پەیوەندیی بەتۆوە نییە. تۆ فەرموو بچۆ بەلای کاری خۆتەوە. (دەڕواتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

تێتنەگەیاندم مەسەلە چییە؟!.

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

ئەم ئەتڵەسەیدامێ سەعیی تێدابکەم. ئەی تۆ؟!.

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

**شاڵڵا شتێکبووایه لەوبابەتە. من..**

**لەیلا:**

**(دێتەژوورەوە. رووی قسەی لەبەڕێوەبەری بەرهەمهێنانە).**

**مامۆستا لێمببووره.. تەنیا بۆئەوە هاتووم ئاگادارتبکەم، کەواز لەوەزیفەکەمدێنمو، دەچمەوە ماڵەوە دادەنیشم.**

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

**وازلەوەزیفە؟!.. بۆچی؟!.**

**لەیلا:**

**پێویست بەپرسیاردەکا؟!. هەستتنەکرد بۆچی هەرهێندەی من هاتمە ژوورەوە تۆی ئیزندا؟!. پێویست بەگێڕانەوەدەکا؟!.**

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

**(هەڵدەداتێ)**

**تۆش؟!.. پەلاماری تۆشیدا؟!.**

**لەیلا:**

**بەڵێ دوکتۆر.. بەڵێ منیش. ئەو جەنابە عەجەب جانەوەرێکە.. جانەوەرێك کەئامانی بۆنییە.**

**بەڕێوەبەری ئیدارە:**

**(بەپەشۆکاوییەوە خۆی بەژووردادەکا. کاغەزێکی بە دەستەوەیە. دادەڕمێتە سەرکورسییەك).**

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

**(دەچێ بەلایەوە)**

**چخێرتە؟!.، چیتلێقەوماوە؟!.**

**بەڕێوەبەری ئیدارە:**

**(کاغەزەکەیدەداتێ)**

**بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان:**

**(دەیخوێنێتەوە. دەڕوانێتە لەیلا. دەیداتە دەست بەڕێوەبەری تەکنیکی)**

**بەڕێوەبەری تەکنیکی:**

(دەیخوێنێتەوە. دەڕوانێتە لەیلا. دەیەوێ بیداتە دەستیو پەشیماندەبێتەوە).

**لەیلا:**

پێویستناکا. دەزانم. فەرمانی دەرکردنمە.

(دەڕواتە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری ئیدارە:**

دەرکـردن؟!. خۆزگـە هەرئەوەندەبووایـە. نووسـیویە: لەسـەر بەدڕەووشـتی!. دوکتـۆر.. مامۆسـتا.. نووسـیویە: لەسـەر بەدڕەووشـتی و لـەناو فەرمانگەشـدا. لەهـەمووی بـەڵاتر داوادەکا فەرمانەکـە بەئیمزای من دەربکرێ.. مـن!. بـەو بەهانەیـەی گوایـە من دەسـەڵاتی ئیمزاکردنـی ئـەمجۆرە فەرمانـە ئیدارییانـەم پێـدراوە!. دوکتـۆر.. مامۆسـتا.. ئێسـتا مـن چیبکەم؟!.

**هەردوو بەڕێوەبەر:**

(بەحەپەساوییەوە بۆیدەڕوانن).

(تاریکی)

# دیمەنی دووەم

**هەڤایە تخوان:**

(دێتە پێشدەمی شانۆ)

بـــەڕێزان.. لەســـەعاتی ســـێیەمدا جـــەنابی جانـــەوەر هاتـــەوەو، هەرلـــەڕێوە بەسـکرتێرەکەی وت: گـوێبگرە.. لـەم سـاتەوە هـەتا بیسـتو دوو دەقیقـەی خشـت، نامـەوێ هـیچ کـەس سـەر بەژوورەکەمـدابکاو، نابـێ ورتـەی هـیچ کەسێکیشـم بەرگوێبکـەوێ. ئیتر خـۆی بـەژووراکردو، دەزگـا خامۆشخامۆشـبوو. ئینجا دوای ماوەکـە نەعرەتەیـەکی لێـداو، سـکرتێر بـەڕاکردن بەدەنگییەوەچـوو. کەهاتـەوە

دەرەوە، سـەفتەیەك كاغـەزی بچووكبچـووكی بەدەسـتەوەبوو، كەبـەپێی فـەرمانی جەناب، دەبوو لەماوەی تەنیا سێ دەقیقەدا، بەشوێنی خۆیانیانبگەیەنێ.

بـەڵێ بـەڕێزان.. پارچـە كاغـەزەكان زنجیرەیـەك بۆمبـابوون‌و، لەسەرانسـەری دەزگـادا تەقینـەوە. داخیگـرانم كەبەتەمسـیل نمایشـناكرێ، دەنـا نموونەیـەكی ڕۆژی حەشـریان نیشـاندەدا. بەهــەرحاڵ، هەرپارچــەیەو فــەرمانێكی تێــدابوو، كــەدەبوو ئانوســات جێبــەجێبكرێ. مــن لەبــەر بێشــوومارییی فەرمانــەكان، تــەنیا چــەند نموونەیــەكیتان بۆدەخوێنمــەوە. بۆبەڕێوەبــەری ئیــدارە.. لەمــەودوا مۆڵــەتی نەخۆشــی بەكەســنادرێ. بۆبەڕێوەبەری ئیدارە.. لەئێستاوە بۆماوەی شەش مانگ، زیادەی سالانەی مووچە رادەگیرێ. هەربۆ ئەو.. مۆڵەتی منداڵبوون بۆژنان، دەكرێتە تەنیا سێ ڕۆژ. دیسان بۆئەو. عەلەگۆجی باخەوان دەكرێتە پاسەوان. ئینجا فەرمانی لەمبابەتە، بۆهەردوو بەڕێوەبــەری بەرهــەمهێنان‌و تــەكنیكی‌و، ئــیتر نــەعوزوبیللا.. بــوو بەڕاكەڕاكــەو بگرەوبەردەو تەحاتەحایەك، كەمەگەر تەنیا ڕۆژی حەشر لەوێنەیبێ.

بـەڕێزان.. ئـەم هەیتووهووتـە، تـەواوی مـاوەی سـەعاتی سـێیەمی خایانـد. بـەڵام لەسەعاتی چوارەمدا، سەیرمانكرد كەكارەسات لەشوعبەی ئەوراقدا، بۆنیشاندان بەتەمسیل تەواو لەبارە. بۆیە فەرمووتان بۆئەوێلێدەكەم.

(پێشـدەمی شـانۆ جێـدێڵێ. سەرشـانۆ ڕووناكدەكرێتـەوە. چـوار مێـز و قەڵابەچـن فایل‌و ئەوراقیان لەسەرهەن. لێپرسراوی شوعبەو كارمەندانی هاوەڵی، نائاسایی سەرقاڵن‌و بەیەكدادێن).

لێپرسراوی شوعبە: (زەنگی تەلەفۆنی بۆلێدەدرێ)

بەڵێ.. بەڵێ. كام؟! .. ئێ‌ئێ.. پەلەیە؟!.. بەڵێ باشە هەرئێستا..

(بەپەلـەپرووزێ دەگـەڕێ. پارچـە كاغـەزێك دەدۆزێتـەوە. دەیهاوێتـە سـەرمێزێكی تەنیشتی)..

ئەوە پەلەیە.. خێرا نوسراوێكی بۆسازبكە.

**كارمەند ( 1 ):**

(دەیخوێنێتەوە).. ئەمە چییە؟!.. هیچی لێتێناگەم!.

لێپرسراو: تێیبگە.. خێراکە.. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی بۆی بەپەلەیە. (زەنگی تەلەفۆن).. بەڵێ.. ها؟!.. ئائا.. بەڵێ باشە هەرئێستا. (دەکەوێتەوە گەڕان. فایلێك لەڕیز دەردێنێ‌و دەیخاتە سەرمێزێکیتر).. ئەمە زۆر پەلەیە. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی، سەعاتی راگرتوە.. دەبێ لەماوەی پێنج دەقیقەدا کۆتایی پێبهێنرێ.. زۆر خێراکە..

**کارمەند (2):**

(دەڕوانێتە سەعاتەکەی دەستی‌و فایلەکە) ئێ ئاخر مامۆستا!...

**بەردەست:**

(بەپڕتاو دێتەژوورەوە. نووسراوێکدەداتە دەست لێپرسراوی شوعبە)

**جەنابی بەڕێوەبەری گشتی دەفەرموێ:**

ئەمە خێرا لەچاپبدەنەوە.

**لێپرسراوی شوعبە:**

(دەیخاتە بەردەستی لەچاپدەر)

زۆر خێرا لەچاپیبدەرەوە.

**لەچاپدەر:** (سەیرێکی نوسراوەکە دەکا)

ئێ ئاخر ئەمە جاری شەشەمە.

**کارمەند (2):**

(بەفایلەکەوە دێتە بەردەمی لێپرسراوی شوعبە) ببوورە مامۆستا.. ئەمە..

**لێپرسراوی شوعبە:**

(زەنگی تەلەفۆنی بۆلێدەردرێ)

بەڵێ.. کەی؟.. چارەکە سەعاتێ لەمەوبەر؟!. نابێ برام.. نابێ، چۆن؟!. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی وادەڵێ؟!. رەنگە.. دەبێ.. دەبێ‌و راستە. بەڵێ باشە.

(بەسەرمێزەکەیدا دەکەوێتە گەڕان)

**لەچاپدەر:**

(نووسراوەکەی بەدەستەوەیەو دێتە لای لێپرسیراوی شوعبە).. مامۆستا..

**کرێکارێك:**

(دەستێکی زامدارەو کرێکارێکیتر دەیهێنێتە بەردەمی لێپرسراوی شوعبە).

**لێپرسراوی شوعبە:**

(زەنگی بۆلێدەردێ. لەگەڵیدا بەردەست خۆی بە ژووردادەکا)

بەڵێ.. بەڵێ ئائەوەتا گەیشت. بەڵێ تێدەگەم.. پەلەیەو زۆریش پەلەیە.. خەمتنەبێ.

**بەردەست:**

(فایلێکی بەدەستەوەیە) جەنابی بەڕێوەبەری گشتی..

**لێپرسراوی شوعبە:**

دەزانم.. داینێ..

**بەردەست:**

فەرموێتی زۆر پەلەیە.

**لێپرسراوی شوعبە:**

(تووڕەدەبێ)

کەڕیت؟!.. وتم دەزانم.

**بەردەست:**

قوربان دەزانم دەزانیت. تووڕەمەبە. منیش وەك تۆ منداڵم وردن. چۆنم پێووتراوە دەبێ وەك خۆی پێتیڕابگەیەنم، بێئەوەی گوێ بدەمە زانینەکەی تۆ. جەنابی بەڕێوەبەری گشتی وەهایدەوێ. (دەچێتە دەرەوە).

**لێپرسراوی شوعبە:**

(دادەڕمێتە سەرکورسییەکەی)

**کارمەند (2)، لەچاپدەر:**

(دەکشێنەوە شوێنی خۆیان).

**کرێکارەکان:**

(دەچنە دەرەوە).

**بەڕێوەبەری ئیدارە:**

(دێتە ژوورەوە. نووسراوێك دەخاتە بەردەمی لێپرسراوی شوعبە)

**لێپرسراوی شوعبە :**

(سەرسامدەبێ).

**بەڕێوەبەری ئیدارە :**

(بەسۆزەوە لەپشت مێزەکە دەریدەکێشێتە دەرەوە):

ئەوە فەرمانی جەنابێتیو دەبێ دەستوبرد جێبەجێبکرێ. بڕوانە.. نووسیوێتی: دەستوبرد. هەڵسەبڕۆ. لەمساتەوە تۆ بەڕێوەبەری ئیدارەیت و، من لێپرسراوی شوعبە. ئاسایی وەریبگرە. ئەمە خواستی جەنابێتیو، هەردووکیشمان منداڵمان وردن.

**لێپرسراوی شوعبە :**

(بەخەمبارییەوە دەڕواتە دەرەوە).

**لێپرسراوی نوێی شوعبە :**

(زەنگی تەلەفۆنی بۆلێدەدرێ)

بەڵێ.. ئا بەڵێ ئەوەتام. دەزانم برا دەزانم کەجەنابی پرسیوێتی. تۆ هیچ گلەییەکت نایەتەسەر. بەڵێ ئەویش واڕۆیشت بچێتە جێگەی من.

**هەردوو بەڕێوەبەری تەکنیکیو بەرهەمهێنان :**

(دێنە ژوورەوە. یەکی نووسراوێکیان بەدەستەوەیەو، دەیخەنە بەردەستی لێپرسراوی نوێی شوعبە)

**لێپرسراوی نوێی شوعبە :**

(دەیانخوێنێتەوە. رووی قسە لەدوکتۆردەکا)

ئەی دوکتۆراکەت؟!.

**بەڕێوەبەری لەوەبەری تەکنیکی :**

(بەتەوسەوە)

دوکتۆراکەم؟!. جەنابی بۆمی ساغکردەوە، کەلەسەر لەچاپدانە بەتایپو، ئەوەتا لوتفی فەرمووە، کەبێم بەپسپۆڕییەکەی خۆمەوە خەریکبم.

**لێپرسراوی نوێی شوعبە :**

مەمنوونبە.. وانەبووایە هەتا مردن لەسەر ئەو هەڵەیە بەردەوامدەبوویت. دەفەرموو بچۆرە سەرکارە دروستەکەی خۆت.

(دەیباتە لای تایپەکە. رووی قسە لە لەچاپدەردەکا)

جێگەکەت بۆدوکتۆر چۆڵبکە بادەسبەکاربێ. تۆش بۆخۆت بچۆ لەولاوە دابنیشە، تابزانین چارەنووست بەچیدەگا!.

**بەڕێوەبەری لەوەبەری بەرهەمهێنان:**

(بەتەوسەوە) ئەی ئەم بەسزمانەیتر؟!.

**لێپرسراوی نوێی شوعبە:**

ئابەڵێ تۆش، کاری پڕبەپێستی خۆتی بۆ دیاریکردوویت، کەکارێکی پیرۆزەو دەبێ تاماویت شانازیی پێوەبکەیت. (نووسراوەکانی دەداتێ) فەرموو.. کارت هەڵگرتنو پاراستنی ئەم دوڕو گەوهەرانەی جەنابێتی، لەفایلێکی تایبەتیداو بۆمێژوو.. نووسیوێتی بۆ مێژوو.

(تاریکی)

# دیمەنی سێیەم

**هەقایەتخوان:**

(دێتە پێشدەمی شانۆ)

بەڕێزان.. ئێستا نۆرە دێنینە سەر سەعاتی پێنجەم. ئەم سەعاتی پێنجەمە، زۆر شتی پڕسەیروسەمەرەی تێدان. شتی وەها کەکوردواتەنی، لەقوتووی هیچ عەتارێکدانین. بۆنموونە..

**دەرهێنەر:**

(بەهەڵەداوانی و دەمیدەگرێ)

نەکەی.. بۆخاتری خوانەکەی.. بازدە..

**هەقایەتخوان:**

(دەستی لەدەمی هەڵدەپچڕێ)

مەسەلە چییە؟!.. چی قەوماوە؟!.

**دەرهێنەر:**

بازددە.. بەسەر سەعاتی پێنجەمدا بازددە.

**هەقایە تخوان:**

ئێ ئاخر بۆچی؟!.. نابێ بزانم بۆچی؟!.

**دەرهێنەر:**

دوایی دەیزانیت.. دوایی.

**هەقایە تخوان:**

من دەمەوێ ئێستا بیزانم.

**دەرهێنەر:**

ناکرێ برام.. ئێستا ناکرێ.. باسەکە دوورودرێژە.. مەسەلەکە قووڵە.. ئەو خەڵکە چاوەڕوانن. بازددەو بچۆرە سەر سەعاتی شەشەم.

**هەقایە تخوان:**

ئەی ئەو خەڵکە ناپرسن مەسەلە چیبوو؟!.. چییان پێبڵێم؟!.

**دەرهێنەر:**

بڵێ لەسەعاتی پێنجەمدا هیچ رووینەدا.

**هەقایە تخوان:**

جاوایە؟!.

**دەرهێنەر:**

ئا.. نەء.. نەء بەڵای خوا.. نەء وانییە. بەڵام دەبێ بەفریامبکەویت. بڵێ.. بڵێ بەکەڵکی نیشاندان بەتەمسیلنەدەهات.

**هەقایە تخوان:**

بۆچی درۆم پێدەکەیت؟!. خۆت لەجەنەڕاڵ پرۆڤەکەدا گەشکە نەیگرتیتو وتت: بەم سەعاتی پێنجەمە لەبنی هەمانەکەدەدرێ؟!.

**دەرهێنەر:**

ئۆهـۆو.. تـۆ زۆری لەسـەردەڕۆیت. دەبڵـێ دەرهێنەرەفـەنی دەترسـێو بڕایـەوە. دەترسـێ جەنابەکە فرسەتی لێبپینێو حولیبدا.. باشە؟!. (سەرشانۆ جێدێڵێ).

**هەقایە تخوان:**

بـەڕێزان.. خۆبینیتـانو گوێتـانلێبوو. ناچـارمو دەبـێ بەقسـەیبکەم. بمبەخشـن. بەسـەر سـەعاتی پێنجەمـدا بـازدەدەمو، دێمـە سـەر شەشـەم کەدواسـەعاتە. جالەبەرئـەوەی ئـەمیان، هەرتـەواو پڕوچـڕە لـە رووداوو کارەسـاتو، نیشـاندانی هەموویان بەتەمسیل کاتێکی زۆری پێدەوێ، تـەنیا چـەند نموونەیـەکتان دەخـەینە پێشچاو. فەرموون لەگەڵ یەکەمیان.

(پێشـدەمی شـانۆ جێدێڵێ. سـەر شـانۆ رووناکدەکرێتـەوە. شـوێن ژوورێکـی کارمەندانـە. ژنێکی دووگیان تەنیشتی لەدەرگایە. یەکێکیتر رووەو دەرگایە).

**دووگیانەکە:**

چۆن دەتوانێ مۆڵەتمنەداتێ.. حەدی چییە.

**جەنابی جانەوەر:**

(بەبەرگە جانەوەرییەکەیەوە دێتەژوورەوە).

**ژنەکەیتر:**

(دەیبینێو رادەپەڕێتە سەرپێ).

**دووگیانەکە:**

(بێئاگایە) گووی باوکی خوارد. کەی شتی وابووە مۆڵەتی منداڵبوون سێ رۆژبێ!.

**جەنابی جانەوەر:**

(مرقەیەکدەکا).

**دووگیانەکە:**

(بەئاگادێ. ئاوڕدەداتەوە. زریکەیەکدەکاو دەبوورێتەوە).

(تاریکی)

**هەقایە تخوان:**

(دێتەوە پێشدەمی شانۆ)

ئەرێ بەڕاست، من لەبیرمچوو پێتانیرابگەیەنم کەلەمسەعاتی شەشەمەدا، سەرجەم کارگەرانی کومپانیا، بەجانەوەرێتیی جەنابی جانەوەر ئاشنابووبوونو، وەهاشیان ناودەبرد. بۆنموونە:

فەرموون ببینن..

(رووناکی. ژوورێکیتری کارمەندان. لەحاڵەتی پێکەنینێکی بەکوڵدان).

**کارمەندێکیتر:**

(بەهەڵەداوان دێتەژوورەوە)

هات.. جەنابی جانەوەرهات.. جەنابی جانەوەر.

**کارمەندەکان:**

(خامۆشدەبنو خۆخەریکدەکەن).

**جەنابی جانەوەر:**

(دێتو مرقەمرقێکدەکا).

**کارمەندان:**

(رادەپەڕنە سەرپێ)

**جەنابی جانەوەر:**

(دەڕواتە دەرەوە).

**کارمەندەکەیتر:**

(بۆ ئاگادارکردنی کارمەندانی ژوورێکی تەنیشت، بەدیوارەکەیدا دەکێشێ)..

هات.. ئاگاداربن.. جەنابی جانەوەرهات.

**جەنابی جانەوەر:**

(دەگەڕێتەوە).

**کارمەندان:**

(رادەپەڕنەوە سەرپێ).

**کارمەندەکەی تر:**

(بێئاگایەو بەردەوامە)

جەنابی جانەوەر هات.. جەنابی جانەوەر.

**جەنابی جانەوەر:**

(مرقەمرق)

**کارمەندەکەیتر:**

(بەئاگادێ. وەردەچەرخێو رەقهەڵدێ).

**جەنابی جانەوەر:**

(دەڕواتە دەرەوە)

(تاریکی)

**هەقایە تخوان:**

(دێتەوە پێشدەمی شانۆ)

بەڕێزان.. نموونەم بۆ نیشاندان زۆر لەلاهەن. ئێستا یەکێکیتان نیشاندەدەم کەڕەنگە..

**دەرهێنەر:**

(دێتو دەمیدەگرێ)

**هەقایە تخوان:**

(دەستی لادەدا)

چییە؟!.. دیسان بەزمی بازددانەکەیە؟!.

**دەرهێنەر:**

نا نەء.. ئەمجارە ئەوە نییە. بڕوانە.

(کەلادەکەون. سەرشانۆ رووناکدەکرێتەوە).

**ئەکتەرەکان:**

(لەلای راستو چەپەوە دێنە سەرشانۆو بەیەکدادێن. پیرۆزبایی لەیەکتردەکەنو، قسەیەك دەڵێنەوە)

فنیشکرا.. جەنابی جانەوەر فنیشکرا.. رۆیشت.. وەلبوو.. جەنابی جانەوەر وەلبوو.

فنیشکرا.. فنیش.. جەنابی جانەوەر فنیش.

(بەدوایدا هێوردەبنەوەو، لەسەرشانۆ ریزدەبەستن).

**جەنابی جانەوەر:**

(بەبەرگە جانەوەرییەکەیەوە، بەڵام بەقەوارەیەکی زۆر بچووکەوە –منداڵێکی شەش حەوت ساڵانی بۆدەکرێتە وێنە –دێتە سەرشانۆو بەبەردەمی ئەکتەرەکاندا رادەبوورێ)

**ئەکتەرەکان:**

ئەم جەنابی جانەوەرە فنیشکرا.

**جەنابی جانەوەر:**

(سەرشانۆ جێدێڵێ).

**هەقایە تخوان:**

(دێتە سەرشانۆ، پێشدەمی ئەکتەرەکان)

بەڕێزان.. ئەوی راستیبێ ئەمجارەش بازدمپێدرا. دیارە ئێوە دەپرسن، کە ئایا ئەم جەنابی جانەوەرە چۆن فنیشکرا. من خۆم ئامادەکردبوو بێم بە تەمسیل نیشانتانیبدەم. کەچی جەنابی دەرهێنەر، دیسان یەخەیگرتمو وتی: بازددە. وتم..

**دەرهێنەر:**

(دێتە سەرشانۆ)

گوێم لێتبوو جەنابی هەقایەتخوان. یەکەم لێتقبووڵناکەم ناوم بە جەناببەریت، چونکە دەترسم زمانت تەتەڵەبکاو، جانەوەرەکەشی بخەیتە پاڵ. دووەمیش من نەبووم.

**هەقایە تخوان:**

دەسا گوێبگرە.. یەکەم منیش لێتقبووڵناکەم لەبەر هەمان هۆ ناوم بەجەناببەریت. دووەمیش ئەی کێبوو؟!.

**دەرهێنەر:**

جەنا.. ببوورە.. کاکی نووسەر.

**هەقایە تخوان:**

باوەڕناکەم.

**دەرهێنەر:**

بیکە.

**هەقایە تخوان:**

نایکەم.

**نووسەر:** (دێتە سەرشانۆ)

بیکە کاکە.. بیکە.. بەڵێ منبووم.

**هەقایە تخوان:**

بەڕاست؟!.

**نووسەر:**

بەڕاست.

**هەقایە تخوان:**

قسەمنامێنێ و ئیشیشمنامێنێ. من لای ئێوەمخۆش. (سەرشانۆ جێدێڵێ).

**دەرهێنەر:**

منیش. (سەرشانۆ جێدێڵێ).

**نووسەر:**

بەڵام من قسەیەکی بچووکم ماوە بیکەم. قسەکەم دەڵێ..

**ئەکتەرەکان:** (بەیەکدەنگ)

هیچ جەنابێکی جانەوەر نایباتەسەر. زۆر جەنابە جانەوەر هاتوون و، بوونەتە تەوقی عەزازیل لەملی خەڵکیدا. بەڵام کەسێکیان نەیبردۆتەسەرو، ئەنجامیان هەردەم بەفنیشکردن شکاوەتەوە. هەردەم لەتفولەعنەتکردن بەولاوە، هیچیتریان بۆنەماوەتەوە.

**نووسەر:**

ئیتر منیش لای ئێوەمخۆش.

**ئەکتەرەکان:**

ئێمەش.

( **پەردە** )

# ئاگادارییەکی پێویست

بێگومـان بـوونی جەنابەجانـەوەر لـەژیانی مرۆڤایەتیـدا، مێژوویـەکی کـۆنی هەیـەو، لەهـەموو رۆژگارێکـدا نموونـەیان هەرهـەبووەو، هەربوونەتـە مایـەی ئەشـکەنجەو ئـازارو دەریدیسـەری بۆخـەڵك. بـەڵام لەهـەموو ئـەو رۆژگارانەشـدا، هەربوغزێنراون و نەفرەتیانلێکراوەو، تفولەعنەتیان بۆ نێردراوە.

سـامن لەبەرئـەوەی دەزانم، کەئـەم بەشـداریکردنەم لەریسـواکردنی جەنابـە جانەوەرەکاندا، وەك کارێکی ئەدەبی باش لەعۆیەی نەهاتووم و، دەشێ کەلەبەری زۆر تێـدابێ، ئـەوا بەپێویسـتی دەزانم رابگەیـەنم، کەئەگـەر رۆژێـك لـەڕۆژان شانۆگەرییەکە لەوشەو رستەی سەرکاغەزەوە، بوو بەقسەو گفتوگۆو بزووتنی سەرشـانۆ، ئـەوا مـن تـەواوی سەربەسـتی بەسـەرجەم کارگـەرانی و تەنانـەت بینەراینشـیدەدەم، کەبـەئارەزووی خۆیـان بـەڵام بـەباری زیـاتر نیشـاندانی جانەوەرێتییەکـەی جـەنابی جانـەوەرداو، تەنانـەت ئەگـەر ئـەقڵیش نـەیبڕێ، لێیزیادبکەن و بەدەمییەوەبدەن. من خوازیارم کەئەوەی من لەبارەیەوە وتوومە، لەچاو ئەوەدا کەلێیزیاددەکرێ، قەترە بەدەریایەکبێ.

**نووسەر**

3/ **ئاب**/ 1981- **هەولێر**

یەکەمجار لەژمارە (77)ی ئازاری (1982)ی گۆڤاری (بەیان) دا بڵاوکراوەتەوە.